# مامۆستا جەمال لێپرسراوی سەرکردایەتی ناوخۆ بوو

پاش ئـەوەی ڕێکخـستنەکانی کۆمەڵـە تووشـی گـیران و لێـك تـرازان هـاتن لـە سـاڵی (1977) لەلایـەن ڕژێمـی عیراقییەوە. منیش ماوەیەکی زۆر تووشی گیران‌و ئەشکەنجە هاتم, پاش بەربوونم لە زیندان ڕێکخستنەکانی لای مـن ئاشکرا نەبووبوون.

بەڵام لەبەرئەوەی شەهید عەبدولڕەزاق‌و شەهید مـەولودو شـەهید محەمـەد زەنگەنـە گیرابـوون لەزینـدان بـوون, ئێمە پەیوەندیمان پچڕا لەگەڵ ڕێکخستن.کاتی خۆی,ساڵی 1976 لـە کـەرکوك هاوڕێیـەکمان هـەبوو نـاوی مامۆسـتا محەمـەد خورشـید بـوو, لەبـەهاری 1976 یەکـەم کۆبوونـەوەی دامەزراندنـەوەی کۆمەڵـەی خوێنـدکارانمان لـەماڵی ئەوان ئەنجامدا.

لـەم کۆبوونەوەیـەدا شـەهید شـوان عـەلی و ڕەئـوف عـەقراوی و شـێخ لـەتیف و محەمـەد خورشـید و کۆسـرەت بەشـدار بـووین. بـەهۆی ناسـینی محەمـەد خورشـید-ەوە لـە ڕیزەکـانی کۆمەڵـەدا لەکـەرکوك تـوانیم پەیوەنـدیی بەسەرکردایەتی ڕێکخستنی ناوخۆوە بکەم. یەکەمجار هـاوڕێ سـەلیم (دلێـری ئەحمـەد شوکری)مـان بینـی قسەمان کـرد. دیـارە خـەتێکی تـری ڕێکخـستن هـەبوو لەناوشـاری هـەولێر بـەهۆی هـاوڕێ سـەلیم مەوعـدمان دانـا بـۆ یەکگرتنەوەی خەتی ڕێکخستنی ئێمەو خەتەکەی تر یەکترمان بینی, لێپرسـراوی خەتەکـە کاك حـاجی مـەمۆ بـوو هەردوولامان ڕێکخراوی هەولێرمان دروسـتکرد لـەم کاتو سـەردەمەدا, لێپرسـراوی هـەموو ڕێکخـستنە نهێنییـەکانی شارەکان (سـەرکردایەتی نـاوخۆ) مامۆسـتا جـەمال تـاهیر بـوو. هـاوڕێ (سـەرکەوت) گـیرا بەشـێوەیەکی کـاتی حەمـە چاوشـین کـرا بـە لێپرسـراوی شارەکان کـە نـاوی (وەسـتا ڕەسـوڵ) بـوو. پاشـان وەسـتا ڕەسـوڵ چـووە دەرەوە مامۆسـتا جـەمال تـاهیر-یـش ئـازاد بـوو, بەسـەربەرزانە لەبـەردەم دام‌و دەزگـا سـیخورییەکانی ڕژێمـی بـەعس دەرچـوو. پـاش دەرچوونی هاوڕێ حاجی مەمۆ, من بووم بە لێپرسراوی ڕێکخراوی هەولێر.

لەوکاتەوە مامۆستا جەمال تاهیر-م ناسی کـە ڕاسـتەوخۆ سەرپەرشـتی هـەموو ڕێکخـستنی شارەکانی دەکـرد, تـاکو بڵێی پیاوێکی بەتواناو دڵسۆزو شارەزا بوو لە بواری ڕێکخستندا. زۆر قـسە خـۆش بـوو, زۆر نـەترس بـوو لەمانگێکدا لای کەمی جارێك یەکتریمان ئەبینی, یان من ئەهاتم بۆ سلێمانی یان ئـەو ئـەهات بـۆ هـەولێر. کـە مـن بـچوومایە بـۆ سـلێمانی کۆبوونـەوەی سـەرکردایەتی ڕێکخستنی کۆمەڵـەمان لـەماڵی خوالێخۆشبوو کاکە ئـەمین شـەوکەت ئـەکرد. هەندێجاریش لە عەقاریی لە ماڵێکی تر کۆبوونەوەمان ئەکرد ناوی خاوەنەکـەیمان نەئـەزانی. هـەموو جارێکیش لـە ئەسحابە سپی لەکارخانـەی قەنـدی سەرچـنار لـەلای حاجی حەمـە نـووری یـەکترمان ئـەبینی, جارجار ئەچوومە ماڵیان ئەویش هەموو جارێ ئەهاتە ماڵی خۆمان لەگەڕەکی موفتی لە هەولێر.

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

ئـەم پەیوەندییـەمان بـەردەوام بـوو, لەگـەڵ شـەهیدی قارەمـان مامۆسـتا جـەمال تـاهیر, قارەمـانی زینـدان و مامۆسـتای ڕێکخستنە نهێنییـەکانو سـەرکردەیەکی شارەزای شـۆڕش و یـەکێتیی نیـشتمانیی کوردسـتان تـاکو سـاڵی 1982 جارێکی تـر مامۆسـتا سـەرکەوت (مامۆسـتا جـەمال تـاهیر) گیرایـەوە, لەلایـەن دائیـرەی ئەمنـەوە دوای ئـازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر پاشان بە لێبوردنێکی گشتی ئازادکرا.

ناوەندی کۆمەڵەو بەڕێز کاك نەوشیروان مستەفا داوایان لێکرد بچێتە دەرەوە. ئـەوەبوو مامۆسـتا جـەمال تـاهیر لـە کۆنفرانـسی دووی کۆمەڵـە بـە دووەم دەنـگ بەسـەرکردایەتی هەڵبـژێردراو بـووە ئەنـدامی ناوەنـدی کۆمەڵـەو لێپرسـراوی بەشـی ڕێکخـستن, منـیش ئەنـدامی کۆنفرانـسی دوو بـووم. لـەوێ هـەموو ئەنـدامانی کـۆنفرانس وەك پاڵـەوانی زینـدان سـەیری مامۆسـتا جـەمال تـاهیر-یـان ئـەکرد چونکە دووجـار گـیرا, زۆر ئەشـکەنجەیان دابـوو, ئـەو هەموو بەرپرسییەی لەسەر شان بوو, ئەو هەموو نهێنییەی لـەلابوو. یـەك تۆسـقاڵ ئەشکەنجە و زینـدانی بەعـسییە فاشیستەکان نەیانتوانی کاربکەنە سەر ورەی مامۆستا جەمال تاهیر.

سەرپەرشتی هەموو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی دەکـرد کـە کۆمەڵـە گـەورەترین ڕێکخـراوو بـەهێزترین ڕێکخستن بوو لە کوردستاندا. قوتابخانەیەکی گەورەبوو بۆ پێگەیاندنی ئەندامانی کۆمەڵە بۆ فیـداکاریو قوربانیـدان و خـەبات و تێکۆشان لە کوردستاندا. هەموو زیندانەکانی ڕژێمو گۆڕستانەکانی (وادی الحجر)ی موسـڵ و ئـەبوغرێب و هـەموو ناوچەکانی کوردستان و شاخو دۆڵەکانی کوردستان شایەدی ئەم ڕاستیەن کە کۆمەڵە داینـەمۆی یـەکێتیی نیـشتمانیی کوردستانو شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بوو. مامۆستا جەمال تاهیر-یش مامۆستایەکی ئەم قوتابخانـە گـەورەیـە بـوو کـە کۆمەڵە بوو.

چـەندین جاری تـر یـەکترمان بینـی تـاکو سـاڵی 1983 زۆر بەداخـەوە لـە سـاڵی 1983 بەکارەسـاتی وەرگـەڕانی ئۆتۆمبێل لەسەرجادەی بالیسان شەهید بوو. ئەم سەرکردە قارەمانە ئەم مامۆستا داناو زانایەمان لەدەستچوو.

شـەهید بـوونی مامۆسـتا جـەمال تـاهیر زیـانێکی زۆر گـەورەبوو لـە یـەکێتیی نیـشتمانیی کوردسـتانو شـۆڕش و هەمووممان کەوت بەڵام مێژووی پڕ لەسەروەریی مامۆستا جەمال تاهیر دەوری مامۆستا جەمال تاهیر لـەناو یـەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دا هەمیشە بە زیندوویی ئەمێنێتەوە, لەناو دڵی هـەموو کوردێکی دڵـسۆزو بـەوەفا بـۆ خـوێنی شەهیدان و کوردو کوردستان.

هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی ئەم سەرکردە قارەمانەو هەموو شەهیدانی کوردستان.

کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com